خێرترین ڕۆژ کە خۆر تێیدا هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینیە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرترین ڕۆژ کە خۆر تێیدا هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینیە ؛ لەو ڕۆژەدا ئادەم خولّقێنرا، ولەو ڕۆژەدا کرایە بەهەشتەوە، ولەو ڕۆژەدا لێی دەرکرا، وقیامەت لە هیچ ڕۆژێکدا بەرپا نابێت جگە لە ڕۆژی هەینی نەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات خێرترین ڕۆژ کە خۆر تێیدا هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینیە، لە تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕۆژە: خوای گەورە ئادەمی لەم ڕۆژەدا خولّقاند -علیه السلام-، ولەم ڕۆژەدا کرایە بەهەشتەوە، ولەم ڕۆژەدا لێی دەرکرا ودابەزی بۆ سەر زەوی، وقیامەت لە هیچ ڕۆژێکدا بەرپا نابێت جگە لە ڕۆژی هەینی نەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3711